بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴿1﴾

ئەوانەی کە کافرن لە خاوەنی کتێبەکان لەگەڵ موشریك و هاوەڵپەرستان، وازیان لێنەهێنراوە، هەتا بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ نەهاتبێت (دەربارەی دواهەمین فرستادە).

رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿2﴾

(ئەویش) پێغەمبەرێکە لەلایەن خواوە کتێب و نامەی پاك و بێگەردیان بەسەردا دەخوێنێتەوە.

فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿3﴾

لە توێیدا نامەی پڕ لە ڕینموونی بەنرخی تیایە.

وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴿4﴾

جا خاوەن کتێبەکان دەستە دەستەو پارچە پارچە نەبوون، دوای ئەوە نەبێت کە بەڵگەو نیشانەی ئاشکرایان بۆ هات (دەربارەی پێغەمبەر و قورئان).

وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ ﴿5﴾

وە فەرمانیان پێ نەدرابوو جگە بەوەی کە خواپەرستی بکەن، وە ملکەچ و فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکەی ئەوبن و زەکات لە ماڵ و

سامانیان دەرکەن، ( بگومان) هەر ئەوەشە دین و ئاینی ڕاست و دروست.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُوْلَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ ﴿6﴾

بەراستی ئەوانەی کە کافرن لە خاوەن کتێبەکان و موشریك و هاوەڵپەرستان دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمریی تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، چونکە ئەوانە تاوانبارترین کەس و خراپترینی خەڵکانی سەرزەوین.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ ﴿7﴾

بێگومان ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ئەوانە چاکترین و پاکترینی سەرزەوین.

جَزَاؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ ﴿8﴾

پاداشتیان لای پەروەردگاریان بەهەشتی پڕ لە باخی چڕە (کە کۆشك و تەلارەکان تیایدا وون بوون)، وە جۆگەو ڕووبارو تاڤگەکان بە ژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، وە لەوێ ژیانی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ هەتا هەتایی دەبەنە سەر، ئەوانە خوا خۆشنودوو ڕازیە لێیان، ئەوانیش لەو ڕازین (چۆن ڕازی نابن ئەی پەروەردگاری ئازیز، بەڕاستی نازانین بە چ زمانێك سوپاسگوزارت بین)، ( بگومان) ئەو ڕێزو قەدرە بۆ ئەو کەسەیە کە لە پەروەردگاری بیمی هەیە (نەوەکو لێی بڕە نجت). (اللهم ارزقنا من خشيتك ما تحول به بيننا وبين معصيتك) يا ارحم راحمين).